# هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەم
# الاستنتاج المعاني للمصطلحات

**شێركۆ حمەئەمین قادر[1]، ئیحسان سابیر محەمەدڕەشید[2]**
[1,2] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە،شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: sherkohmaamin@gmail.com

## پوختە:

سیمانتیک، وەک بەشێک لە زانستەکانی پەیوەست بە واتا و لێکدانەوەی سیما و نیشانەواتاییەکانەوە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، پەیوەست بە واتای دەربڕاوەچەسپاوەکان و ئیدیەمیش، وەک یەکێک لەو دەربڕاوانە ئەم توێژینەوەیەی لێ بەرهەمهاتووە، کە ناونیشانی (هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەم)ی لەخۆگرتووە و هەوڵدەدات ئیدیەم، وەک دانەیەکی دەربڕینە چەسپاوەکان و هەڵگری واتای فەرهەنگی و نافەرهەنگی لێکبداتەوە و جۆری ئیدیەمەکە پەیوەست بەو دوو جۆرەی واتاوە دیاریبکات و شیکاری نوێ و تیروانینی تر بخاتەڕوو، هەر لەو چێوەیەدا و دوای خستنەڕووی پێناسە و تایبەتمەندیی ئیدیەم و هێنانەوەی نموونەی پێویست و شیکاری نموونەکان پەیوەست بە هەڵهێنجانی واتایی و واتای پیتی و ناپیتی بەم پێیەش ئیدیەم بۆ دوو جۆری فەرهەنگی و نافەرهەنگی دابەشدەبێت. لەلایەکی تریشەوە فۆرم و واتای ئیدیەم گرێدراوی یەکترن، بە جۆرێک ئیدیەم بەوە ناسراوە ، کە فۆرمێکی چەسپاو و واتایەکی لێڵی هەیە و فۆرم و واتا دوانەیەکی توندو پێکەوەبەستراون، ئەم پەیوەندیەش لەم توێژینەوەیەدا بەشێوازێکی نوێ خراوەتەڕوو، لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ چەند جۆرێک دابەشکراوە و نموونە و شیکردنەوەی پێویست خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە** ( ئیدیەم، دەربڕینەچەسپاوەکان، هەڵهێنجانی واتایی، واتای فەرهەنگی، واتای نافەرهەنگی).

## الملخص:

الدلاله جزء من العلوم المرتبطه بالمعنى و تحليل الخصائص، والعلامات الدالة لها اهميتها ، فهذا البحث المعنون (( بالاستنتاج المعاني للمصطلحات))، هو استنتاج كما أخذ من التعبيرات الراسخة والمعاني الدالة ومحالة لتفسير المصطلحات كمجموعة من التعابير الثابته، ويحاول بيان المعاني المعجميه او غير المعجميه و يقوم بتقديم وجهات نظر اخرى، في هذا الاطار وبعد تقديم تعريف و خصائص المصطلحات باعطاء الامثله و التحليلات اللازمة المتعلقه بالتحليل المعاني الحرفية وغير الحرفية، وعلى هذه تنقسم المصطلحات الى قسمين معجمي و غير معجمي، ومن ناحيه الاخرى هناك علاقه مترابطة بين شكل و معنى المصطلح بحيث يمكن تعريف المصطلح بها، ولهذا المصطلحات لها شكل ثابت و معنى مختلف والشكل و المعنى مرتبطان باحكام، هذه العلاقه (بين الشكل و المعنى) ، بطريقه جيده في هذه الدراسة ومن خلال هذا المنظور يتم تقسيمها الى عدة انواع ويتم تقديم الامثله و التحليلات اللازمه.

**مفتاح الكلمات:** ( الكناية او المصطلحات، العبارات الثابتة، الاستنتاج المعاني، المعنى المعجمي، المعنى غير المعجي).


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10429 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sherkohmaamin@gmail.com |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.د.شێرکۆ حمەئەمین قادر،ئیحسان سابیر محەمەدڕەشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

Semantics as a part of the sciences related to meaning and the interpretation of semantic features and signs has an own important. Regarding the meaning of fixed-expressions and idioms as one of these expressions, this study is entitled (Inference of the meanings of the Idiom) tries to interpret idioms as a set of fixed-expressions and carry Lexical and non-Lexical meanings Present other views,Thus, after presenting the definition and characteristics of idioms, giving the necessary examples and analysis of examples related to meanings analysis and the meaning of letters and non-letters, idioms are divided into two types, Lexical and non-Lexical. On the other hand, the relationship between form and meaning of idioms are interconnected each other, so that idioms are known to have a fixed form and an ambiguity meaning and form and meaning are tightly linked together, this relationship is presented in a new way in this study. From this perspective, it is divided into several types and the necessary examples and analysis are presented.


**Keywords:** (Idioms, Fixed expessions, Inference of the meanings, Lexical meaning, Non Lexical meaning).

## پێشەکی:

### ١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بەناونیشانی((هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەم))هوەیە، لەبەر ئەوەی ئیدیەم واتایەکی پاش سیمانتیکییە و پەیوەستە بە دەوروبەری نازمانیی و کەلتوور و زانیاری دنیابینییەوە، بۆیە بۆ دەستخستنی واتای ئیدیەم و بەستنەوەی ئەو بابەتانە بەیەکەوە پرۆسەی هەڵهێنجانی واتایی ئەنجامدەدرێت، هەر بۆیە توێژینەوەکە ناونیشانی هەڵهێنجانی واتایی هەڵگرتووە، لە توێژینەوەکەدا کار لەسەر خستنەڕووی واتای دەربڕاوە ئیدیەمییەکان(واتای فەرهەنگی و واتای نافەرهەنگی) و کاریگەری فۆڕمی ئیدیەمەکان لەڕووی چەسپاو و گۆڕاوییان و کاریگەرییان لەسەر واتایان دەکرێت و پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتای ئیدیەمەکان دەخاتەڕوو.

### ٢/٠)گرنگی توێژینەوەکە:

ئیدیەم، وەك دانەیەکی دەربڕاوەچەسپاوەکان لە کردەی پەیوەندیدا ڕۆڵی گرنگی هەیە و بەپێی کەلتووری گەلان و دەوروبەری نازمانی واتاکەی دەگۆڕێت، ئەم توێژینەوەیە بەشێوازێکی نوێ هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەمەکان دەخاتەڕوو.

### ٣/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ڕێبازیی پەسنی شیکاریی کاردەکات و دەیەوێت جگە لە خستنەڕووی پێناسەو تایبەتمەندی ئیدیەمەکان، خستنەڕوو بۆ فۆڕم و واتای ئیدیەمەکان و هەڵهێنجانی واتایی بۆ ئیدیەمەکان بکات.

### ٤/٠)بەشەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بەگشتی بەسەر چوار پار و چەند وەچەپارێکدا دابەشکراوە، بەجۆرێك لەپاری یەکەمدا پێناسەی ئیدیەم خراوەتەڕوو، لە پاری دووەمدا تایبەتمەنی ئیدیەم خراوەتەڕوو، پاری سێیەم، کە سێ وەچەپاری لێدەبێتەوە، هەڵهێنجانی سیمانتیکی ئیدیەم لەڕووی ئیدیەمی فەرهەنگی/پیتی و ئیدیەمی نافەرهەنگی/ناپیتی و ئیدیەمی چەسپاو و ئیدیەمی گۆڕاو، خراوەتەڕوو، پاری چوارەمیش بۆ سێ وەچەپار دابەشکراوە و هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتای ئیدیەم بخرێتەڕوو.

## ١/١) پێناسەی ئیدیەم :

ئاخێوەرانی زمان، بۆ گەیاندنی مەبەستی ئاخاوتنیان یەك شێوە لەبەكارهێنانی زمانیی بەكارناهێنن و ئاخێوەران یەكەزمانییەكان لەكردەی گەیاندندا بەپێی مەبەست و بارودۆخ و بایەخبەندییان، بەكاردەهێنن و ئەمەش وایكردووە دانەی جۆراوجۆریی زمانیی بێتە ئاراوە، یەكێك لەو یەكەزمانیانەش، جێگەی بایەخپێدانی ئاخێوەرانە (ئیدیەم)ە ، لەڕواڵەتدا شێوەی پێكهێنانی ئیدیەمەكان ڕێكخراوە و خاوەنی ڕۆنانی تایبەت بەخۆیانن ، بەڵام لە ناواخندا – لەڕووی واتاوە - كۆمەڵ لەسەر پێدانی واتای چەسپاو و جیاواز بە ئیدیەمەكان ڕێكەوتوون ، بەجۆرێك ئیدیەم (( ئەوەیە وشەیەك یان كۆمەڵە وشەیەك بێنی كە واتایەكی دروستی خۆی هەبێت هەر لەوكاتەدا لەڕستەكە مانایەكی تر بدات بەدەستەوە ، وە مەبەست ئەم مانایەی بەم دوایی یە بێت ، دیسان ئەشێ واتا دروست و نەژادی یەكەی مەبەست بێ ، چونكە هیچ نیشانەیەك نی یە بەرهەڵستی ئەوە بكات كە مانا نەژادیی یەكەت مەبەست بێت))(گەردی ، ١٩٧٢ : ٨٨) ، بەپێی ئەم پێناسەیە ، هەموو ئیدیەمێك هەڵگری دوو جۆر لە واتایە ، بەجۆرێك ئەگەر واتا نەژادیەكە مەبەستبێت ، كە واتای یەكە پێكهێنەرەكانی ئیدیەمە ئەوا سنووری ئیدیەم بەجێ دەهێڵێت و نابێتە ئیدیەم ، بەڵام واتا شاراوە و ناڕوونەكە لە بەكارهێناندا مەبەست بێت – بەپێی مەرج و تایبەتمەندییەكانی – دەبێتە ئیدیەم ، بۆ جیاكردنەوەی ئەم دووجۆرە لە واتا ، بەكارهێنانییەتی لە دەوروبەردا ، كە بە پێی بەكارهێنان و دەوروبەر دەكرێت پێشبینی مەبەستە واتاكە بكرێت(Qadir, ٢٠٢١)، وەك:


١- بەشوویدا.  ئەم دەربڕاوە دوو واتا لەخۆدەگرێت:

أ. واتای بنەڕەتی/ نەژادی /پیتی  (بەشوودانی/مێردكردنی كچێك)

ب. واتای ئیدیەمی  (فریودان ، هەڵخەڵەتاندنی كەسێك)

لە پێناسەیەكی دیكەی ئیدیەمدا هاتووە ، كە ((دەستە وشەیەكی جودا جودا و سەربەخۆی زمانە پێكەوە واتایەكی تازە و تایبەتی و جوان و سفت و تیژ دروست دەكەن سەرەڕای ئەوەی ، كە زاراوەیەكی بەهێز دەهێننەكایەوە و دەیانخەنە سەربازێكی پەسەند و چەسپاو)) (فەخری ، ١٩٧٦ : ٧١)، لەم پێناسەیەدا ئاماژە بە دوو تەوەری گرنگ دراوە ، یەكەم: بەرهەمهاتن و دەستخستنی واتایەكی نوێیە ، كە جیاوازە لە واتای جودا جودای وشەكان و دووەم: بەهێزی ئەم ئیدیەمانەیە لە ئاخاوتندا پاش پەسەندكردن و چەسپاندنیان لە ئاخاوتندا ((كاتێ لە یەكگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ ، ئەوا بەوجۆرە فرێزانە دەڵێن ئیدیۆم))(حاجی مارف،١٩٨٠: ٣)، لە دوو ڕەهەندەوە لە ئیدیەم دواوە ، یەكەم: دروستە ، ئیدیەمەكان سادە نین ، دووەم: واتا ، بەدەستهاتنی واتای تایبەت ، مەبەست واتایەكی جیاوازە لە واتای یەكە پێكهێنەرەكانی ئیدیەمەكە، لەلایەكی دیكەوە هەر كۆمەڵە وشەیەك درانەپاڵ یەكتر و دووجۆر لە واتایان بەخشی مەرج نییە ئیدیەم بن ، دەكرێت پەندی پێشینان و ... هتد بن، سەرەوریزبوونی وشەكان و پێكەوەهاتنیان بەپێی دەستوور و یاسای ڕێزمانی زمان دراونەتە پاڵ یەكتری و ((ئیدیەم بریتی یە لە كۆمەڵێك وشە و ڕیزكردن و لێكدانی ئەو كۆمەڵە وشەیە دەستووری ڕێزمانی بەسەردا ئەسەپێنرێ ، ئەو واتایەی ، كە ئەو كۆمەڵە وشەیە ئەیبەخشێ لە تاكە وشەیەكی ئەو كۆمەڵە وشەیەدا بەدی ناكرێ))(وەیس ،١٩٨٣ : ٥٩)، بەشی دووەمی پێناسەكە پەیوەست بە واتاوە ، ئەگەر مەبەست ئەوەبێت وشەكان واتای بنجی خۆیان لەدەستدەدەن و واتایەكی دیكە پێكەوە بەرهەمدەهێنن ، دەكرێت بوترێت ، وشەكان واتای بنجی خۆیان لەدەستنادەن و بەپێی مەبەستی بەكارهێنەر لەو ژینگەیەی بەكاردەهێنرێت مەبەستی واتاكە ڕووندەبێتەوە و دەستدەخرێت، لە پێناسەیەكی دیكەدا، ئیدیەم بەمجۆرە پێناسە كراوە ((بریتییە ، لەو تێكەڵی و تێكچڕژانەی ، كە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێكی دێنن ، ئەو واتایەی ، كە دێتە كایەوە ( لە ئەنجامی ئەو تێكەڵی یەوە) لە واتای كەرتەكانەوە یا لە پەیوەندی ڕێزمانی ئەم كەرتانەوە پێشبینی ناكرێت))(فتاح ، ١٩٨٦ : ٦٨ )، ئەم پێناسەیە لەڕووی واتاوە لێكدانەوەی بۆ ئیدیەم كردووە بەجۆرێك ئەو واتایەی ، لە بەكارهێنانی ئیدیەمێكدا دەستدەكەوێت جیاوازە لە واتای یەكەپێكهێنەرەكانییەوە ، ئەمەش وا دەكات ئاخێوەر و گوێگر بیریان بۆ ناسینەوە و بەدەستهێنانی واتای دروستی دەربڕاوەكان بجوڵێت، بەجۆرێك((ئیدیەم بەوە ناسراوە ، كە بریتییە لە زنجیرەیەك وشە ، كە وەك یەك یەكە ڕۆڵ دەبینێت و واتاكەی لە واتای كەرتەكانییەوە ناناسرێتەوە))(Casas,١٩٩٥:٤٤،

واته بۆ دەستخستنی واتای ئیدیەم ئەزموون و شارەزایی زمانیی و بەکارهێنان، زۆر پێویستن و ئیدیەمەکان بۆ واتایەکی جیاواز لە واتای یەکەپێکهێنەرەکانیی بەکاردەهێنرێن و ((ئیدیەم: بریتی یە لەو دەربڕینانەی ، کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین ، بەڵام لەژێرەوە زرِدانەی واتاسازین لەسەری ڕێکەوتوون و خۆیان لە زماندا چەسپاندووە))(عەلی ، ١٩٩٨ : ٣٨)، واتە بەشێوەی هەر(وشەیەك، فرێزێك، ڕستەیەك) ی ئاسایی زمان لەڕوی سینتاکسییەوە دروستبوون و تەنها جیاوازییان ئەوەیە، لەپاش دروستبوونیان، دەبنە فۆرمێکی چەسپاو و لەڕووی واتاشەوە، دەبنە خاوەن واتایەکی ناڕاستەوخۆ و جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەیان، بەجۆرێك((ئیدیەم لەدوو وشەی وەك یەك، یا جیاواز، یا لە کۆمەڵێ وشەی پێکەوە گونجاو ، یا ڕستەیەك ، یا پتر پێکدێ ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ، هەموویان یەك واتا دەبەخشن)) (عەزیز، ٢٠٠٥: ٤٦٨) ، ئەو ئیدیەمانەی ، کە زیاتر لە واتایەك لەخۆدەگرن و دەبەخشن لە زمانی کوردیدا ، ژمارەیان کەم نییە، وەك:




لەنموونەی (١)دا خرایەڕوو ، دەربڕاوەئیدیەمییەکان خاوەنی دووواتا، یان زیاتر لەدوو وتان، بەجۆرێك((وشەیەك چەند وشەیەك یان ڕستەیەك دوو مانا دەبەخشێ یەکەمیان مانای ڕاستەقینەی خۆی دووەمیان مانای (مەجازی)، کە پێی دەڵێن ئیدیۆم))(شێخانی ، ٢٠٠٩ ، ١ ) ، لە پێناسەکەدا واتایەکیان بە ڕاستەقینە هاتووە، کە واتای فەرهەنگی/پیتییەکەیەتی و واتای دووەم واتا خوازراوەکەیەتی، کە لە یەکەپێکهێنەرەکانییەوە دەستناخرێت ، ئیدیەمەکان بەمجۆرە واتایە بەکاردێن، هەروەها"سوبحانی" لە پێناسەی ئیدیەمدا دەڵێت((ناسکترین و وردترین هۆی ڕەوانبێژییە ، گەلێك لەوە کاریگەرترە ، کە تۆ ڕاستەوڕاست ڕاستیەك ئاشکرا بکەیت و بیڵێیت ، چونکە ئەم پاڵت پێوەدەنێت بیر لە قسەکە بکەیتەوە ... ڕای خۆت بەرانبەر شتێك ناحەزێك دەربڕیت لە کاتێکدا، کە تۆ نەتەوێت ڕەپ و ڕاست بیڵێیت ، یا لەبەر هەر هۆیەك بێت))( ٢٠١٢ : ١٧ )، هەندێك کات مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەستی ئاخاوتن/دەربڕینەکەی بە پەنهانی/ شاراوەیی ، ئیدیەم بەکاردەهێنێت ، تا لەو ڕێگەیەوە خۆی لەبەرکەوتن و گرژی بپارێزێت و بەرانبەریش لە مەبەستەکەی بگەیەنێت ، پەنابردن بۆ ئەم ڕێگەیە - بەشاراوەیی گەیاندنی مەبەست لە ڕێگەی ئیدیەمەوە - هۆکاری زۆر و جۆراو جۆرە و بەپێی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ... هتد دەگۆڕێت ، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئیدیەم ڕۆڵی بەرچاوی لە گەیاندنی مەبەستی ئاخاوتندا بینیوە و ئەم ڕۆڵە گرنگەش ، تا ئێستا بەردەوامە و ئەمەش بۆ هونەری بەکارهێنانی دانەکانی زمان لە لایەن ئاخێوەرانی کوردەوە و ئەو بارودۆخە سەختە سیاسی و ئابوری و ... هتد، کە بەسەریدا هاتووە، دەگەڕێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر زبری لەئاخاوتندا، بڕوانە(Saeed & Others, ٢٠٢٢).

ئیدیەم، ڕۆڵی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی زمان و کردەی گەیاندا هەیە و ئاخێوەر لە ڕێگەی بەکارهێنانیانەوە مەبەستی خۆی بە بەرانبەر دەگەیەنێت ، بەجۆرێك(( ئیدیەمەکان کرۆکی هەر زمانێك پێکدەهێنن ، چونکە چەندین واتای سەربار دەگوازنەوە لەپاڵ واتابنچی و بنەڕەتییەکانیان . ئەم واتا سەربارانەش زادە و بەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و کارلێکی ڕۆژانەی مرۆڤەکانن لەگەڵ یەکدی و دەوروبەری خۆیان ))(جەواد ، ٢٠٢١: ٣٥). واتە دەوروبەر ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری لە پەیدابوون و بەکارهێنان و واتاپێدان بە دەربڕاوە ئیدیەمیەکاندا هەیە ، ئیدیەمیش لەبەر گرنگی و بایەخی زۆری لە زماندا، شارەزایان هەریەك بەپێی سەردەم و تێڕوانین و بیری خۆیان بۆ ئیدیەم ، ئیدیەمیان پێناسە کردووە و ناساندووە ، زۆرێك لەو پێناسانەی خرانەڕوو لەیەکتریەوە نزیکن ، بەتایبەتی لەڕووی واتای ئیدیەمەکانەوە و بەپێی مێژووی

نووسینی پێناسەکانیش تارادەیەك کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە دیارە ، بەڵام بۆچوونی زمانەوانیی درکپێکردن( Cognitive Linguistic) لەسەر ئیدیەم لەڕووی پێناسە و لێکۆڵینەوە لە ئیدیەمەکان جیاوازە، بەوەی((ئیدیۆم وەکو مێتافۆڕی چەمکی دەبینێت و هەموو مێتافۆڕێکی چەمکیش لە ڕوانگەی هاوگیرییەکی چەمکیی (ئاوەزیی) لەنێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانجدا ، لێکدەداتەوە))( جەواد ، ٢٠٢١: ٣٥) ، پوختەی ئەم ناساندنانە ئەوەیە ، کە ئیدیەم ئەو دەربڕاوە زمانییە،کە لە ڕووکەشدا خاوەن واتای سیمانتیکی و لەناواخندا خاوەن واتای پراگماتیکییە ، بەکارهێنانی لە دەووروبەر و کۆمەڵدا جۆری واتاکەی یەکلایی دەکاتەوە.

## ٢/١) تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم :

ئیدیەم ، وەکو هەر دانەیەکی دیکەی زمانی ، خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندێتییە لە ڕێگایانەوە ئیدیەم دەناسرێتەوە و لە یەکە زمانییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە ، بەشێك لەو تایبەتمەندییانە لەکرۆکی ئەو پێناسانەی بۆ ئیدیەم کراون ، هەڵهێنجراون . لەتایبەتمەندییەکانیش:

یەکەم: ئیدیەم دانەیەکی زمانییە، پێویستی بە شارەزاییەکی زمانیی ئەو ناوچەیەی ئیدیەمەکەی تێدالەدایکبووە، هەیە ((ئەوەی شارەزا نەبێ و لەوناوچەیەدا نەژیابێ و یان هەمیشە گوێی بە مانە پڕ نەبووبێ و نەزرنگابێتەوە نە دەتوانێ بەکاریان بهێنێ و نەتێیانەدەگاتی ڕاوێژکردن)) (فەخری ، ١٩٧٦ : ٩٤) ، واتە شارەزایی زمان و زارەکان بۆ ناسینەوە و بەکارهێنانی ئیدیەم پێویستە ، دەکرێت ئەمەش بەیەکەم تایبەتمەندی ئیدیەم دابنرێت.

دووەم: ئیدیەمەکان لە نێوان داڕشتەیی و ناداڕشتەیدا ، ناداڕشتەیی هەڵدەبژێرن و لەم بارەیەوە ((ئیدیەم لە دەربڕینە ناداڕشتەییەکانە ، لێرەدا (نا – داڕشتەیی) مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای دەربڕینەکە لەسەر بنەمای واتای کەرتەکانی شیناکرێتەوە))(حسەین ، ٢٠٠٧ : ٢٤) ، کە دەوترێت (نا – داڕشتەیی = Non + Compositionality) ،بەجۆرێك((لە واتای وشە و مۆرفێمەکانەوە ناتوانین واتای ئیدیۆمەکە بەدەست بهێنین، بەڵکو هەمووی بەسەریەکەوە واتایەك دەبەخشێت))(محەمەد، ٢٠١٦ :١١)، واتە واتای ئیدیەم لەڕێگەی کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە دەستناخرێت ، وەك :

٣- یەکشەوە. بە کەسێك دەڵێن لە لەپڕێکدا دەوڵەمەند بووبێت.

٤- مەیکەرە گەنمەکەوە. بە واتای پێی ڕامەبوێرە.

لە نموونەی سێیەمدا ، واتای فەرهەنگی و داڕشتەیی دەربڕاوەکە لە (یەك = ژمارە) و (شەو = تاریکی) پێکدێت، بەڵام واتای ئیدیەمیی ئەم دەربڕاوە لە واتای کەرتەکانیەوە بەجیا بەدەستناخرێت و لە دۆزینەوە و گەیشتن بە واتای ئیدیەمەکەدا هاوکارنابن ، هەروەها لە نموونەی چوارەمدا (مەیکەرە گەنمەکەوە = کردنە ناو کێڵگەیەکی دانەوێڵەی گەنم)هەوە، واتای کەرتەکانی دەربڕاوەکەیە و واتای گشتی ئیدیەمەکەیان لێدەستناخرێت و تێکرای دەربڕاوەکە واتایەکی ئیدیەمی تەواوی لێدەستدەخرێت و دەبەخشێت.

سێیەم: یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم ئەوەیە ، کە ((سەرکەشە و سەرپێچی لەزۆربەی یاسا گۆڕانکارییەکان دەکات، وەکو یاسای ئاسانکاری، ئاخنین، پاش و پێش ...بەشێك لە ئیدیەمەکانیش خۆیان بەدەست هیچ کام لەم یاسایانەوە نادەن))(فتاح ، ١٩٨٦ : ٧٩ - ٨٢) ، وەك :

٥- أ. لەگوێی گادا نوستووە. (کەسێکی بێئاگا ، نەزان) واتای ئیدیەمی

*ب. لەگوێی گایەکی گەوورە نوستووە.

*پ. لەگوێی مانگادا نوستووە.

ئیدیەم شێوازێکی دەربڕینە، تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراوەوە و خاسیەتی چەسپاوی و نەگۆڕی هەیە و لەوشەیەك ، یان زیاتر پێکدێت، لەواتای فەرهەنگییەوە گواستراوەتەوە بۆ واتایەکی دیکە ، کە ئاخێوەرانی زمان لەسەری ڕێکەوتوون(حناوآخرون،١٩٩٧: ١١)، بەوجۆرەی لەنموونەی(٥- أ ) دا خراوەتەڕوو،کە لەڕووی فۆڕمەوە جێگیرە و ڕێگا بە گۆڕانکاری نادات و لەڕووی واتاوە، واتا پێتییەکەی بۆ واتایەك،کە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتوون گۆڕاوە، بەجۆرێك لەڕووی دروستەوە ((پێکهاتەی سینتاکسی ئیدیۆم ، لەگەڵ پێکهاتە سینتاکسییە ئاساییەکانی تری زماندا چوونیەکە، تەنها ئەوەنەبێت ئەم سنوردارتر و لە فۆڕمدا قاڵبگرتووە و ڕێنادات بەوکرانەوە بەرفراوانەی کەرەستەکانی تر پیادەی دەکەن))(حسەین ، ٢٠٠٧ : ٢٥) ، وەك:


٦- بن دیوار          بن + دیوار          هاوەڵکار + ناو

٧- دەستپاك          دەست+ پاك          ناو+ هاوەڵناو

ئەم یاسا سینتاکسییە هەمان یاسای دروستکردنی وشەی لێکدراوە و یەکێکە لە یاساکانی دروستکردنی وشەی لێکدراوی ئاسایی ، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە جۆرێك لە ئیدیەم پێکدێت و قاڵبدەگرێت و شێوەی جێگیر دەبێت و دەچەسپێت و ڕێگا بە گۆڕانکاریدان تێیدا سنووردار دەبێت، یان هەر بەتەواوی ڕێگا لە گۆڕانکاری فۆڕم دەگیرێت.

چوارەم: ئیدیەمەکان لەڕووی پێکهاتن و دروستەی دەرەوەیانەوە سادەنین ((ئیدیەم لەڕووی ڕۆنانەوە ناسادەیە، بەواتای ئەوەی لەڕووی ڕێزمانەوە لە دووکەرت یان زیاتر پێکدێت))(حسەین، ٢٠٠٧ : ٦٨).

پێنجەم: دەربڕاوە ئیدیەمییەکان هەڵگری دوو واتان (واتای خوازراو و واتای پیتی) ، لە ئێستادا (( ئیدیەم بە واتا خوازراوەکەی زیاتر بەکاردێ و واتا پیتییەکەی بەرەرو لەبیرچوونەوە دەڕوات))(فەتاح ، ١٩٨٦ :٨٤) ، وەك:




لەنموونەی (٨) دا ، دەربڕاوی(ئاگری بن کایە) ، بە دوو واتا بەکارهاتووە، وەك خرایەڕوو، بەڵام لە ئێستادا زیاتر بە واتا خوازراوییەکەی،کە واتای ئیدیەمییە،بەکاردێت و (ئاگری بن کایە)، لە ئێستادا بەواتای زۆرزانی خۆدەرنەخەر / کەسێك بەنهێنی ئاشوبگێڕێت و خەڵکی بەگژی یەکتریدا بدات، زیاتر دەربڕاوە ئیدیەمییەکان بەم واتایە بەکاردێن، نەك واتا پیتییەکەیان.

شەشەم: تایبەتمەندییەکی دیکەی ئیدیەم ئەوەیە، وەك یەك یەکەی لێکسیکی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لەفەرهەنگدا تۆماردەکرێن و((واتای شاراوە لە لێکسیمەکاندا هەڵگیراون،کە دەکرێت لە بەکارهێناندا ڕوونببێتەوە، لێکسیم وەك دانەیەکی نادیار"ئەبستراکت"ی فەرهەنگی ئاوەزیی، بۆ نواندنی یەك لێکسیمی لێکسیمەکان لەناو فۆڕمێکی مۆڕفۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێن و دەست دەخرێتە سەر واتاکەی))(محەمەد، ٢٠٢١: ١٢٤)، زمانەوانان((ئیدیۆم بە کەرەستەی لێکسیکی دادەنێن، لەبەر ئەوەی یەکواتایی نیشاندەدات،هەروەك وشە تاکەکان، واتاکەشی ناتوانرێت لە زانینی مانای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە هەڵبگوازرێت))(حسەین، ٢٠٠٧: ١١٧)،وەك:

٩- کێچ کەوتووەتە کەڵی.          (ئارامی لێبڕاوە)          واتای ئیدیەمی

ئیدیەمەکان هەندێك ڕستەوگرێن، واتاکانیان لەڕێگەی واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانیان و ئەرکی ڕێزمانییەوە نازانرێت، یەکەیەکی یەکگرتوو ئامادە دروستدەکەن و واتایەکی دەستنیشانکراوییان لەلایەن ئاخێوەرانی ئەو زمانەوە هەیە(داود، ٢٠١٤: ١١)، واتای ئیدیەم واتایەکی نەگۆڕە ، قسەپێکەرانی ئەو زمانە ، وەك چۆن واتای وشە سادەکان فێردەبن ، واتای ئیدیەمەکانیش فێردەبن(الشهري، ٢٠٠٤ :٧٩)، بەجۆرێکی دیکە ((ئیدیەم لە وشە دەچێت هەردووکیان دانەی ئامادەن لەزماندا ، پێویستیان بەوەیە لەفەرهەنگدا تۆماربکرێت)) (فتاح، ١٩٨٦: ٧٢)، ئیدیەمەکان، دەربڕاوی زمانی بەلێکسیمبوون لە فەرهەنگی ئاوەزیدا ، وەك یەکەیەکی لێکسیکی تۆماردەکرێن و ((دەروازەی زانیارییەکی دەوڵەمەندیان هەیە ، تەواوی زانیارییە لێکسیکی و ڕێزمانیەکانی لەگەڵدا تۆمارکراوە، جگە لە جۆرو چۆنیەتی دەربڕینیان، هەموو نیشانە واتاییەکانیان تۆمارکراوە))(ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٤١)، لەبەر ئەوەی واتای ئیدیەم نادارشتەییە و لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە دەستناخرێت، بۆیە


، وەك یەكەیەكی لێكسیكیش بە واتاكەیەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەكرێت،وەك:

١٠- دەستبڕ ⟵ كەسێكی فێڵبازە. (واتای ئیدیەمی)
↓
لێكسێم

بەم پێیە تایبەتمەندییەكی گرنگی ئیدیەمەكان ئەوەیە ، وەك یەكەیەكی لێكسیكی و وەك وشەكان لە فەرهەنگدا تۆمار دەكرێن.


٣/١) هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەم لەزماندا :

دەستخستنی واتا و مەبەستی بەكارهێنانی ئیدیەم ، پێویستی بە لێكدانەوەی واتایی و شارەزابوون لە دەوروبەردا هەیە، بۆیە واتای سمانتیكیی و پاش سیمانتیكیی دەربڕاوەكە لە ئەنجامی هەڵهێنجاندنی واتاییدا بەدەستدەخرێت و سیمانتیك ، وەكو یەكێك لەزانستە پەیوەستەكان بە واتاو لێكدانەوەی سیماو نیشانە واتاییەكانەوە ، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ هەركارێك لەبواری واتاسازیدا ، یان لێكدانەوەی واتایدا ، هەنگاوی یەكەم شارەزابوون و رۆچوونە لەئاستی سیمانتیكی و واتای سیمانتیكی وشەو دەربڕاوەزمانییەكانە لەزماندا،بۆ لێكدانەوەو هەلهێنجانی واتایی ئیدیەم ، پێویستە ئیدیەم لەڕووی فەرهەنگی/پیتی و نافەرهەنگی/ناپیتییەوە لەیەكتر جیابكرێتەوە و بخرێتەڕوو، بڕوانە( ٣/١-١ ) ، ( ٣/١-٢ )، هەروەها لەڕووی دروستەشەوە - كە كاریگەری بەسەر واتاوە هەیە - پێویستە ئیدیەمی گۆڕاو و ئیدیەمی چەسپاو لێكبدرێتەوە و بخرێتەڕوو ، بڕوانە( ٣/١-٣ )، بۆیە لە هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەمەوە، واتای فەرهەنگی و واتای باركراوی دەربڕاوە ئیدیەمییەكە ڕووندەبێتەوە و بۆ شارەزابوون لە دەربڕاوە ئیدیەمییەكان و خستنەڕوویان،بڕوانە هێڵكاری ژمارە(١):




هێڵكاری ژمارە(١)

ئیدیەم، وەك یەكەیەكی فەرهەنگی لەناو بواری لێكۆڵینەوە سیمانتیكییەكاندا جێگە دەگرێت و یەكەیەكی ئامادەكراوە لەزماندا و خاوەنی واتایەكی فەرهەنگییە ، لەئاستی سیمانتیكیدا شرۆڤەدەكرێت ، بەڵام پێویستە بەشێوەیەكی گشتی بزانین ئیدیەم ، وەكو یەكەكانی دیكەی زمان لە ئاستی سیمانتیكیدا بەئاسانی لێكدانەوەی بۆناكرێت و واتای دروستی بەدەستناخرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاستی سیمانتیك ، وەكو ئاستی یەكەمی لێكدانەوەی واتای وشەو دەربڕاوەكان جێگەی بایەخپێدانە و هەنگاوی یەكەم وبنەڕەتییە و سەرچاوەیە بۆگەیشتن بە سنووری لێكدانەوە پراگماتیكییەكان، بڕوانە هێڵكاری ژمارە(٢):




هێڵكاری ژمارە(٢)

هەر بەوشێوە هەڵێنجانی واتایی ئیدیەم لەئاستی سیمانتیكدا ،كە ئاستی یەكەمی لێكدانەوەیە لەواتای وشە و دەربڕاوەكان، بۆ ئیدیەم دەكرێت و دەخرێتە ڕوو .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ١-٣/٢) ئیدیەمی فەرهەنگی/ پیتی :

فەرهەنگ ، وەکو کۆگایەك، دانەزمانییەکانی بەواتاکانییەوە تێداهەڵگیراوە، کاتێك وشە و دەربڕاوێك بەفەرهەنگی ناودەبرێن ، پێویستە واتای فەرهەنگییان هەبێت ،کە واتای بنەڕەتی، یان واتای پیتی وشەو دەربڕاوەکانە (( واتای فەرهەنگی ، ئەو واتا بنچینەییە ، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوەو لەسەری ڕێکەوتووە )) ( دزەیی ، ٢٠١٤ ، ١٠٣ ) ، واتا ئەو یەکەیەی لەفەرهەنگدا تۆماردەکرێت ، پێویستە لە ڕووی واتاییەوە ڕێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵی لەسەر بێت، وەك وشەی ( خانوو ):

خانوو ⟵ 

واتای فەرهەنگی، واتایەکە لە لێکسیکۆندا تۆمارکراوە و نەگۆڕە و قسەپێکەرانی ئەو زمانە بۆ بەکارهێنان لەسەری ڕێکەوتوون و گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە : أ. سەرجەم وشەو دەربڕاوە زمانییە فەرهەنگییەکان خاوەنی ئەم جۆرە لە واتان ، ئەگەر هەر وشەیەك یان دەربڕاوێك واتای فەرهەنگی نەبێت ، ئەوە بێ واتایە و وشەو دەربڕاونییە ، ب . واتای فەرهەنگی بناغەیە بۆ داڕشتن و دانانی جۆرەکانی دیکەی واتا ، بۆیە گونجاوە بگوترێت، ئیدیەم دانەی فەرهەنگییە و لەفەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکراوە بە واتاکانیانە ، لەبەرئەوەی ئیدیەم پەیوەندیدارە بە فەرهەنگی گشتی نەتەوەییەوەو وەك واتایەکی هۆشەکی لێدێت و ئیدیەمەکەی پێدەناسرێتەوە و دەبێتە فۆرمێکی مارکەلێدراو و دەچێتە فەرهەنگەوە، بەڵام جیاوزیی ئیدیەم لەدانەزمانییەکانی دیکە ئەوەیە ، لەپاش نواندنە سینتاکسییەکان دەبنە لێکسێم و لەفەرهەنگدا تۆماردەکرێن ، واتە ئیدیەمەکان بەگشتی هەڵگری دوو جۆر لە واتان ،کەواتای پیتی و واتای ناپیتییە ، ئەمەش بۆ تێکرای ئیدیەمەکان بە سینکرۆنی ڕەنگە دروستنەبێت، چونکە لە ئێستادا ژمارەیەك لە ئیدیەمەکان ، واتا فەرهەنگی/پیتەکەیان وونکردووەو زیاتر بەواتا نافەرهەنگی /ناپیتیەکە دەناسرێنەوە ، هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی ئیدیەمەکان ڕەنگە واتای فەرهەنگی/ پیتی ئیدیەمەکان ڕوونبکاتەوە و بەدەستبخات ، بەڵام لێرەدا ئەوەی جێگای بایەخپێدانە واتای فەهەنگی/پیتی ئیدیەمەکانە و ژمارەیەکی زۆریان هەڵگری ئەم جۆرەن لە واتا هاوشانی واتای ئیدیەمییان و جۆرێکی ئیدیەم لەڕووی سیمانتیکەوە ئەو ئیدیەمەیە،کە(( واتاکەی لەکۆی واتای کەرتەکانییەوە دێ و بێ یارمەتی فەرهەنگ واتاکەی ئەدۆزێتەوە ))( فەتاح ،١٩٨٦: ٨٤ ) ، لێرەدا نوسەر پێدەچێت مەبەستی لە یارمەتی فەرهەنگ، لێکدانەوەی ئیدیەم بێت لە فەرهەنگی نوسراودا ، واتە بۆ دەستخستنی واتای فەرهەنگی/ پیتی پێویست بە پەنابردنە بەر لێکدانەوە فەرهەنگییەکان ناکات، وەك :

١١- پشتی شکا. أ. لە ئۆتۆمبێلەکە بەربویەوە و پشتی شکا. واتای پیتی

ب. بەلەدەستدانی باوکی پشتی شکا . واتای نا پیتی

١٢- قەڵتاخە کۆ ن. أ. پێڵاوەکانی لە قەڵتاخە کۆنەیەك دروستکرد . واتای پیتی

ب. پیروپەککەوتە ، بێ هێزو بێ دەسەڵات . واتای نا پیتی

١٣- زمانی سووتا. أ. بەچاییەکە زمانی سووتا . واتای پیتی

ب. هەڵەی کرد . واتای نا پیتی

١٤- حەوشەکەی خوارە. أ. حەوشەکەی بەرزو نزمی تێدایە. واتای پیتی

ب. بیانوومان پێدەگرێت . واتای نا پیتی

١٥- سکی سووتا. أ. ژیڵەکە کەوتە کۆشیەوە و سکی سووتا . واتای پیتی

ب. ئازیزێکی لەدەست دا ،یان منداڵی مرد . واتای نا پیتی ( خوشحالی،١٣٩٣: ٤٠٢)

نموونەکانی( ١١- ١٥ ) سەرجەمیان ئیدیەمن، لەگەڵ واتای ئیدیەمییدا ، هەریەکەیان خاوەنی واتایەکی فەرهەنگیین و ئەلفەکانیان سەرجەمیان واتای پیتی /فەرهەنگین و بایەکانییان، واتای ئیدیەمی ئیدیەمەکانن، لەگەڵ ئەوەی ئیدیەمەکان خاوەنی واتای فەرهەنگی/ پیتین ، بەڵام ئەم جۆرە لەواتا نابێتە واتای ئیدیەمی و لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندی ئیدیەمدا یەکناگرنەوە بەشێکی زۆری ئیدیەمەکان لەم جۆرەن ، کە واتای پیتییان هەیە، (( مەبەست پێی واتای هەموو وەچەپێکهاتەکەیە پێکەوە ، کە لەکۆی واتای دانەدانەی یەکەکانییەوە بەدەستدەخرێت ))( حسەین ، ٢٠١١ ، ٢٢٢ )، ئەم جۆرەش لەڕووی دەستخستنی واتای ئیدیەمەوە - لەبەر ئەوەی بەواتای فەرهەنگی و ئیدیەمی بەکاردێن – ئاڵۆزترن بەراورد بەواتای ناپیتی ئیدیەم و بۆ نموونە کاتێك ئیدیەمێکی ، وەکو نموونەی ( ١١ ) بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئاخێوەرەوە ، واتای لای گوێگر ڕوون نییە، بەبێ دروستکردنی دەوروبەر بۆ دەربڕاوە ئیدیەمییەکە(( بۆ ڕوون کردنەوە و تێگەیشتنی واتای پیتی ئیدیەمێك پێویستمان بە دەوروبەر هەڵبەستن زۆر دەبێت )) ( فەتاح ، ١٩٨٦ : ٨٥ ) ، وەك :

نموونەکانی( ١١- ١٥ ) سەرجەمیان ئیدیەمن، لەگەڵ واتای ئیدیەمییدا ، هەریەکەیان خاوەنی واتایەکی فەرهەنگیین و ئەلفەکانیان سەرجەمیان واتای پیتی /فەرهەنگین و بایەکانییان، واتای ئیدیەمی ئیدیەمەکانن، لەگەڵ ئەوەی ئیدیەمەکان خاوەنی واتای فەرهەنگی/ پیتین ، بەڵام ئەم جۆرە لەواتا نابێتە واتای ئیدیەمی و لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندی ئیدیەمدا یەکناگرنەوە بەشێکی زۆری ئیدیەمەکان لەم جۆرەن ، کە واتای پیتییان هەیە، (( مەبەست پێی واتای هەموو وەچەپێکهاتەکەیە پێکەوە ، کە لەکۆی واتای دانەدانەی یەکەکانییەوە بەدەستدەخرێت ))( حسەین ، ٢٠١١ ، ٢٢٢ )، ئەم جۆرەش لەڕووی دەستخستنی واتای ئیدیەمەوە - لەبەر ئەوەی بەواتای فەرهەنگی و ئیدیەمی بەکاردێن – ئاڵۆزترن بەراورد بەواتای ناپیتی ئیدیەم و بۆ نموونە کاتێك ئیدیەمێکی ، وەکو نموونەی ( ١١ ) بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئاخێوەرەوە ، واتای لای گوێگر ڕوون نییە، بەبێ دروستکردنی دەوروبەر بۆ دەربڕاوە ئیدیەمییەکە(( بۆ ڕوون کردنەوە و تێگەیشتنی واتای پیتی ئیدیەمێك پێویستمان بە دەوروبەر هەڵبەستن زۆر دەبێت )) ( فەتاح ، ١٩٨٦ : ٨٥ ) ، وەك :

١٦ - زمانی سووتا. ← زمانی بەچاییەکە سووتا. ← واتای پیتی ئیدیەم

بۆچی سووتا ؟
فەقیرە نەیزانی...
نەیزانی، کە چاییەکە گەرمە.
دەوابڵێ ، بۆی دەرمانکەن.

دەوروبەرهەڵبەستن بۆ دەستخستنی واتای پیتی ئیدیەم

ئەم جۆرە لە ئیدیەم واتای پیتی/ فەرهەنگی و واتای ئیدیەمی هەیە و تاکەکانی کۆمەڵ ئاگاداری هەردوو جۆرەکە لەواتا هەن، بەتایبەت لەکاتی ئاخاوتندا ئاسانتر دەتوانرێت مەبەستە واتاکە بەدەستبخرێت، بەڵام((خەڵکی لەواتا خوازراوییەکەی ئیدیەم زووتر تێدەگات، وەك لە واتا پیتییەکەی، هەرچەندە گوێگر زۆربەی کات ئاگاداری هەردوو واتاکەیە )) ( فەتاح ، ١٩٨٦ : ٨٥ )، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی لەنموونەی( ١٦ ) دا خرایەڕوو، کە واتای پیتی/ فەرهەنگی ئیدیەم پێویستی بە دەوروبەر هەڵبەستن هەیە بۆ دەستخستنی واتاپیتییەکەی، ئەم جۆرە خاوەنی واتای پیتی / فەرهەنگی و واتای ئیدیەمییە ، بەڵام واتای فەرهەنگی/پیتی ئیدیەم، نابێتە واتای ئیدیەمی و دەبێتە واتای فەرهەنگی یەکەپێکهێنەرەکانی، چونکە ئیدیەم یەکێکە لەدەربڕاوە نادارشتەییەکان/ ناپێکهاتەییەکان لەڕووی واتاوە و لەڕێگەی لێکدانی واتای پیتی یەکەپێکهێنەرەکانییەوە واتای گشتی ئیدیەمەکە بەدەستناخرێت، بەجۆرێك (( ئیدیەم واتای فەرهەنگی وشە وەردەگرێت و بۆ مەبەستێکی تری دەبات ))( موسی ، ٢٠٠٩ : ٨ ) ، لێرەدا مەبەستێکی تر ، مەبەست ئەوەیە، واتایەکی دیکە وەردەگرێت ، کە واتای ئیدیەمیی دەربڕاوەکەیە .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ٢-٣/٢) ئیدیەمی نافەرهەنگی/ ناپیتی :

جۆرێکی دیکەی ئیدیەمەکان ، ئەوانەن ، کە واتای فەرهەنگی و پیتیان سواوە و بەو واتایە بەکارناهێنرێن ، کاتێك ئاخێوەر ئیدیەمێکی لەم چەشنە بەکاردەهێنێت ، گوێگر ڕاستەوخۆ بەواتا ئیدیەمییەکەی وەریدەگرێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات ، لەم جۆرەدا (( ئەو وشانەی کە ئیدیۆم دروست دەکەن ، بەواتای پێکهاتەییەوە بەشداری پێکهێنانی ئیدیۆم ناکەن ، بەڵکو ئەو واتایەی کە لە ئیدیۆمدا دەیگەیەنێت بریتییە لە واتای ناپێکهاتەیی وشەکان ))( محەمەد ، ٢٠٢١ : ١٩٨-١٩٩ ) ، نادارشتەیی/ ناپێکهاتەیی دەربڕاوێك، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم ،"Baker"دەڵێت: واتای ئیدیەم لەکۆکردنەوەی واتای یەکە پێکهێنەرەکانییەوە پەیدانابێت و بەدەستناخرێت (١٩٩٢:٣٢٧) ، ئەو ئیدیەمانەی سەر بەم جۆرەن ، تێگەیشتنی واتایان و ناسینەوەی فۆرمیان ئاسانترە بەراورد بە جۆری یەکەمی ئیدیەمەکان، کە پیتی / فەرهەنگی بوون، چونکە ئاڵۆزییەك لەجیاکردنەوەی واتای پیتی و واتای ئیدیەمی، دربڕاوەکەدا هەبوو، بەڵام ئەم ئاڵۆزییە لەم جۆرەدا بەدیناکرێت و لێرەدا دەربڕاوە ئیدیەمییەکە، تەنها بە واتای نافەرهەنگی/ ناپیتی بەکاردێت، واتە جۆێکی دیکەی ئیدیەم لە ڕووی سیمانتیکەوە ئەوەیە ، کە (( واتای خوازراوە و دوورە لە واتای کەرتەکانییەوە ))( فتاح ، ١٩٨٦ : ٨٤ ) ، بە جۆرێك لەرێگەی واتای پیتی/ فەرهەنگی کەرتەپێکهێنەرەکانی ئیدیەمەوە دەست بە واتای گشتی ئیدیەمەکە ناگات، بەجۆرێك بنیادێکە ،ناتوانرێت واتاکەی لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە وەربگیرێت (Glucksberg & other(2001):68)، وەك :

١٧- وامزانی ڕادیۆیە. بەواتای (پەشیمانبوونەوە) بەکاردێت.

١٨- کردییە پاقلەکەوە . بەواتای (بەهەڵەیدابرد).

لەهەریەکێك لەنموونەکانی(١٧- ١٨)دا، دەربڕاوەکان خاوەن واتای پیتین، بەڵام واتای گشتی لەواتای یەکەیەکەی کەرتەپێکهێنەرەکان، یان واتای فەرهەنگی/ پیتی وشەکانەوە بەدەستنەخراوە، واتە لێرەدا(ڕادیۆ)، بەواتای پیتی و ئامێرێك بەکارنەهاتووە و هەرچۆن( کردییە پاقلەکەوە )، بەواتای کردنە کێڵگەوە نەهاتووە ، بەڵکو واتای نافەرهەنگی/ ناپیتیان هەیە و هەمان ئەو واتایەی ، کە لەکۆمەڵدا ڕێکەوتن لەسەر بەکاهینان و چەسپاندنی کراوە ، بەوجۆرەی لە نموونەی (١٧ - ١٨)دا خرایەروو، لە کۆمەڵدا بەم واتایانە دەناسێرنێنەوە و وشەکان لەبۆتەی ئەم دەربڕاوەئیدیەمییانەدا وازیان لەواتای فەرهەنگی/پیتیان هێناوەو واتای ناپیتیان بەرهەمهێناوە ، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەربڕاوە نادرشتییەکانە ، بەجۆرێك (( دەربڕاوە نا- داڕشتەییەکان ، ئەو دەربڕینانەن ، کە واتای دەربڕاوەکە بەگشتی لەمانای پیتی / فەرهەنگی یەکەیەکەی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناخرێت ، ئەم دەربڕاوانە چەشنی جیاوازیان لێدیاریکراوە، وەك( ئیدیەم، پەندی پێشینان، مەتەڵ، خوازە ، قسەی نەستەق... تاد ))( حسەین، ٢٠٢١ : ١١٨ )، بۆیە ئیدیەم یەکێکە لە دەربڕاوە نادارشتەییەکان ، کە واتایان جیاوازە لە واتای وشە پێکهێنەرەکانی(( ئیدیۆمەکان دەربڕینە فەرهەنگییەکان( پیتییەکان) نین و واتاکانیان نادارشتەییەو واتای فەرهەنگی یەکەکانی ناکاتە واتای ئیدیۆمەکە بەگشتی ))( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٤٤ ) ، بۆیە ئەو واتایەی لە یەکەپێکهینەرەکانی ئیدیەمەکەوە بەدەست دێت ، ناتوانرێت واتای گشتی ئیدیەمەکەی لێدەستبخرێت و واتای گشتی ئیدیەمەکە بەرهەمبهێنێت ، بۆیە لەم جۆرەی ئیدیەمدا ئەو واتایەی بە دەست دێت ، لە ئەنجامی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی وکەلتورییەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا بەدەستدێت ، کە بەرانبەر بەفۆرم و قاڵبێکی ڕێزمانی لەشێوەی دەربڕاوێکدا ، واتایەك دادەتاشرێت و ئەو دەربڕاوە لە کۆمەڵدا بەو واتایە، کە واتای ناپیتی / نافەرهەنگییە دەناسرێتەوە ، وەك :

ئیدیەم ← واتای ناپیتی/ نافەرهەنگی

١٩- ئاوی گوێی دا . تەمێیکرد.

٢٠- دڵی گوشراوە . خەفەتبارە.

٢١- چنگ لەسەرشان . بەپەلەو هەڵەداوان

٢٢-گوێی مسی تیکراوە . بەکەسێك دەڵێن بەئارەزوو لەبەرانبەر بانگکردنیدا خۆی کەڕ بکات.

٢٣- یەکشەوەیە .                     بە کەسێك دەڵێن لەپڕێکدا دەوڵەمەندبووبێت.

٢٤- دەزووی وشك دانیەتی.            واتە هەرچی لەبەردایە خوساوە/تەڕبووە.

٢٥- کەللە بازە.                      شەڕانیە ، شەڕفرۆشە.(سوبحانی،٢٠١٢: ٣٦٤)

هەر یەکێك لەنموونەکانی (١٩-٢٥) ، ئەگەر سەرنجیان لێبدرێن ئاشکرایە ئەو واتایەی بەدەستهاتووە لە دەربڕاوە ئیدیەمییەکان واتای پیتی / فەرهەنگی دانە پێکهێنەرەکانی ئیدیەمەکان نین و ئەو واتایانەن ، کە بە ڕیکەوتنی کۆمەڵ لە سەری بەرهەمهاتوون بەنموونە لە( ١٩ ) دا ( ئاوی گوێی دا )، مەبەست لە ( ئاو ) ، وەك خواردنەوە و ( گوێ )، وەك ئەندامێکی جەستە نییە، بەڵکو دەربڕاوە ئیدیەمییەکە بە واتای پیتی بەکارنایەت و بە تێکڕای پێکهینەرەکانی واتایەك، کە کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتووە ، بەدەستەوە دەدات و ئەویش ( تەمێکردنە ) ، واتە واتای ناپیتی / نافەرهەنگین و لە دەوروبەردا واتایان بەرهەمدێت بە جۆرێك ، کە (( وشە وە یا ڕستە کاتێ بەدەوروبەر ببەستینەوە ئەوا وشەکان واتای فەرهەنگی خۆیان وون دەکەن و بەپێی دەوروبەر واتای نوێی خۆیان وەردەگرن ))( بابان ، ١٩٩٠ : ٦٥ ) ، ئەو دەروروبەرەی دەربڕاوە ئیدیەمییەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت ، هۆکارە بۆ پێدانی واتای ئیدیەمی دەربڕاوە نادارشتەییەکە و لەو دەروبەرەدا واتای ناپیتی بەرهەمدێت ، وەك :




واتای نافەرهەنگی ئیدیەم بەپێی ئەو دەوروبەرەی دەربڕاوەکەی تێدادەردەبڕێت، گۆڕانی بەسەردا دێت ، بۆیە ئەوە دەروربەرە بۆ دەربڕاوێکی ئیدیەمی لە جۆری نموونەی ( ٢٦ ) ، کام واتا- ڕەزیلە ، هەژارە- بەرانبەر بە دەربڕاوە ئیدیەمییەکە جێگیردەکات ، واتە ڕۆڵی دەوروبەری نازمانیی و کەلتووری لەدەستنیشانکردنی واتای دەربڕاوە ئیدیەمییە ناپیتییەکاندا کارا و کاریگەرە ، ئەو ئیدیەمانەی زیاتر بەواتای ناپیتی لەکۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن لەڕووی واتاوە ناسینەوەیان ئاسانترو ئاڵۆزییان کەمترە و بەربلاوترن لەڕووی بەکارهێنانەوە بۆ مەبەستێکی واتایی دیاریکراو ، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەی کۆمەڵ لەسەر واتای ناپیتی ئیدیەمەکە کردوویانە ، واتە بەشێکی زۆر لە ئیدیەمەکان ، کە بەسەرزاری خەڵکەوەن و بەکارهێنانی بەردەوامیان هەیە ، ئەو ئیدیەمانەن، بەواتای ناپیتی بەکاردەهێنرێن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئیدیەم بەواتای پیتی بەکارنایەت ، بەڵکو هاوشانی واتای ناپیتی بەواتاپیتییەکەش بەکاردێت ، بەڵام بەکارهینانی ئیدیەم بەواتای پیتی دەربڕاوەکە لە ئیدیەم بوون دەخات، تا ئەوکاتەی دەربڕاوەکە بەواتای ناپیتی بەکاردێت و ئەوجا واتای ئیدیەمی بەدەستدێت و وەکو ئیدیەم بەکاردەهێنرێت .

٣-٣/٢) ئیدیەمی چەسپاو و ئیدیەمی گۆڕاو:

هەندێك ئیدیەم لە فۆڕمیاندا بە هیچ جۆرێك ڕێگا بە گۆڕانکاری نادەن ، ئەم جۆرە بە ئیدیەمی تەواو دانراوە ، بەڵام هەندێك ئیدیەمی دیکە بەڕێژەیی ڕێگا بە گۆڕانکاری لە فۆڕمیاندا دەدەن و واتە لە ڕووی چەسپاوی و جێگیری فۆرمەوە ، ئیدیەمەکانیش چوونیەك نین(( تا ڕادە و پلەی بەقاڵبوونی و چەسپاویی ئیدیۆم لە ڕووی سینتاکسییەوە زیاتر بێت ، ئەوا لە ڕووی سیمانتیکەوە لێلی ئیدیۆمەکە زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە ))( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٧٦)، واتە چەسپاوی فۆڕم و لێلی واتایی دوانەیەکی لێکدانەبڕاون ، ئیدیەم لەڕووی پێکهاتن و فۆڕمەوە بە دەربڕاوێکی چەسپاو و جێگیر جیادەکرێنەوە و ئەمەش هاوشانی لێلی واتایی تایبەتمەندیەکی دیکەی ئیدیەمەکانە ، بەڵام سەرجەم ئیدیەمەکان لەڕووی فۆڕم و پێکهاتەوە وەك یەك جێگیر و چەسپاو نین و بەشێکیان بەهۆی چەسپاوی فۆڕمەکەیانەوە سنووردارن و ملنادەن بۆ هەرجۆرە گۆڕانکاییەك لە فۆڕمیاندا ڕوبدات و بۆ هەر جۆرە گۆڕانێك ، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت دەربڕاوەکە

واتای ئیدیەمی لەدەستبدات و دەربڕاوەکە ببێتە دەربڕاوێکی ئاسایی و لە ئیدیەمبوون بکەوێت، ئەم جۆرەش بە (ئیدیەمی چەسپاو) ناسراوە، ئیدیەمیش((لەرووی پێکهاتن و فۆڕمەوە بە دەربڕاوی چەسپاو و جێگیر جیادەکرێنەوە و یەك گۆکردنیان هەیە))(حسەین، ٢٠٢١: ١١٩)، هەندێکی دیکە لە ئیدیەمەکان بە ڕێژەیی ڕێگا بە گۆڕانکاری لە فۆڕمیاندا دەدەن بەبێ ئەوەی کاریگەری بەسە واتایانەوە هەبێت و ئەم ڕێگە پێدانەش هەموو ئیدیەمەکان ناگرێتەوە و گۆڕانکارییەکەش ڕەهانییە ، واتە لە ئیدیەمێکی لەم جۆرەدا ناکرێت تێکرای یەکەپێکهێنەرەکانی گۆڕانیان بەسەردابێت ،یان پاش و پێش بکرێن، یان... هتد، بەڵکو گۆڕانێکی کەمەکییە و لە ئیدیەمێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت و هەندێکیان ڕێگا بە جێگۆڕکێی نێوان کەرتەکان و هەندێکی دیکە ڕێگا بە تێئاخنین و ...هتد، دەدەن، ئەمجۆرەش بە(ئیدیەمی گۆڕاو) ناسراوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە پۆلێنەکەی فرێزەر بۆ ئیدیەم لەرووی چەسپاوی فۆڕمەوە( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٧٦-٨٣)، دوو جۆری ئیدیەم لەم خشتەیەدا دەخرێتەروو، بڕوانە خشتەی ژمارە (١):




چەسپاوی فۆڕمی ئیدیەم

خشتەی ژمارە(١)

بەپێی ئەم خشتەیە، تەنها دووجۆر ئیدیەم لەرووی چەسپاوی فۆڕمەوە دیاریکراون ، کە ئەوانیش ( ئیدیەمی چەسپاو ، ئیدیەمی گۆڕاو )ە .

## ٢/٣-٣-١) ئیدیەمی چەسپاو:

لە رووی فۆڕمەوە ئەو جۆرەیە لە ئیدیەم، ڕێگا بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك لە فۆڕمیدا نادات((ئەو ئیدیۆمەی کە لەرووی فۆڕمەوە ناگۆڕێ))(وەیس ،١٩٨٣: ٦١)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (( فۆڕم جێگیرن و بوون بە قاڵب و بە ئیدیۆمی تەواو دانراون ، ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە ، ڕێگە بە هیچ گۆڕانکاری و تێئاخنین و گوێزانەوەیەك نادەن و لە رووی فۆڕمەوە تەواو چەسپاون و لە رووی واتاشەوە تەواو لێڵن ))( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٧٦) ، ئەم جۆرە لە ئیدیەم بە فۆڕمی چەسپاو و قاڵبگیریان ناسراون، بۆیە ڕێگا بە گۆڕانکارییەکان لە فۆڕمیاندا نادەن ، هەروەها لەرووی بەکارهێنان و واتاوە جێگیرن و ((ئیدیەمەکان لەرووی بەقاڵبوون و چەقبەستووییانەوە جیاوازن ، هەیانە چەقبەستووە و ڕێگە بەهیچ گۆڕانکارییەك نادات))(ئەحمەد ، ٢٠١٢: ٧٤)، مەبەست لە چەقبەستوویی ، مەیی پێکهاتەی ئیدیەمەکەیە و هەرجۆرە گۆڕانکارییەك

پێکهاتەی ئیدیەمەکە دووبارە دەشڵەقێنێتەوە و ڕەنگە ڕووبەڕووی لەدەستدانی واتای ئیدیەمی بکاتەوە ،((ئیدیەمی نموونەیی دوو ئاکاری بنەڕەتی هەیە:(أ) ئیدیەم لێکدەرەوەیی نییە و(ب) بەسینتاکسیی و لەرووی سینتاکسییەوە بەستوو نەگۆڕە)) (مەحویی ،٢٠٠٩: ١٧٠)، وەك:

٢٧- أ. کەوڵەکۆن،

*ب. کەوڵی کۆن،

*پ. پێستەی کۆن،

*ت.کەوڵە کۆنەکە،

٢٨- أ. چنگ لەسەر شان،

*ب. چنگ لەسەر پشت،

*پ. مەچەك لەسەر پشت،

*ت. چنگ لەسەر شان دانان،

لەم جۆرە ئیدیەمەدا((ناتوانین هیچ کەرتێك لەم کەرتانە لابەرین ، یان بیگۆڕین بێ ئەوەی واتای ئیدیەمەکە بشێوێنین. تەنانەت ڕێگەی ئەوەشمان نی یە وشەی هاوواتاش بخەینە جێگەی کەرتەکانیان ))(فتاح ،١٩٨٦: ٧٣)، وەك:

٢٩- أ. دەزووی وشك دانییەتی. واتە هەرچی لەبەردایە تەڕە/خوساوە

*ب. پەتی وشك دانییەتی.

*پ. دەزووی تەڕ دانییەتی.

*ت. دەزووی وشك زمانییەتی.

واتە هەر جۆرە گۆڕانکارییەك لە فۆڕمی ئەم جۆرەدا، دەبێتە هۆی تێکچوونی واتایان و((ئیدیۆمەکان چەسپاون و بەئاسانی ناتوانرێت یەکەکانی بگۆڕین، بەتایبەت ئەوانەیان ، کە بەتەواوەتی فۆڕمێکی جێگیر و قاڵبێکی بەستوویان هەیە))(حسەین ،٢٠٠٩: ١١٥)، ئەم ڕێگرییە لە گۆڕانکاری فۆڕمیی ئەم جۆرە لە ئیدیەم بۆ پەیوەندی و بەیەکداچوونی یەکە پێکهێنەرەکانی دەگەڕێتەوە ، بەجۆرێك فۆڕمێکی چەسپاویان لێ بەرهەمهاتووە.

## ٢/٣-٣-٢) ئیدیەمی گۆڕاو:

جۆرێکی دیکە لە ئیدیەم لەڕووی پێکاتەی فۆرمەوە ، ئیدیەمەگۆڕاوەکانە ، کە ڕێگە بە گۆڕانکاری لە فۆڕمییاندا دەدەن ،بەجۆرێك لەئیدیەمێکدا وشەیەك بگۆڕدرێت بە وشەیەکی دیکە لە پەیوەندی جێنشینی(Paradigmatic)دا،بەبێ گۆڕانی واتای ئیدیەمی دەرووراوەکە،وەك: ،

٣٠- أ. لە دەستوقاچ کەوتووە. واتای ئیدیەمی زۆر(نەخۆشە/ هیلاکە/پیرە).

ب- لە پێ کەوتووە.

پ- لە پەلوپۆ کەوتووە.

واتە ئیدیەمی گۆڕاو لەڕووی فۆرمەوە بەو ئیدیەمانە دەگوترێت،کە((وشەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ و واتایەکی بەهێزتر ببەخشێو ئەو ئیدیۆمەیە کە بەهۆی گۆڕانی وشەکانیەوە فۆڕمی ئەگۆڕێ))(وەیس ،١٩٨٣: ٦٠-٦١)، ئەم گۆڕانکارییەش لەچەند لایەنێکەوە ئەنجام دەدرێت، وەك : ( بەناو کردن و تێئاخنین و جوڵاندن و گواستنەوە و...هتد )، بەجۆرێك ((ئیدیەم هەیە ڕێگە بە گۆڕانکاری ڕێزمانی لە کات و تاقی کردارەکان یان گۆڕینی کەس و بکەردیاریی و نادیاری دەدات))(ئەحمەد، ٢٠١٢: ٧٥)، ئەمەش لە ڕێگەی چەند نموونەیەکەوە دەخرێتەڕوو (Mustafa & Aziz, 2021)، وەك:

٣١- أ. زۆری تێگوشی.

ب. زۆرتان تێگوشی.

پ. زۆریان تێگوشی.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣٢- أ. لە گوێی گادا نووستووە.

ب. ئێوە لە گوێی گادا نووستوون.

پ. گەل لەگوێی گادا نووستووە.

٣٣- أ. چاوی لێدەکات .

ب. چاوی لێدەکرێت.

پ. چاوی لێکرا.

٣٤- أ. کە جام پڕبوو لێی دەڕژێت.

ب. کە پڕبوو جام لێی دەڕژێت.

٣٥- أ. سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.

ب. لەبەر هەتاو سەری سپی نەکردووە.

٣٦- أ. کە دەڕوات لوتی بەئاسمانەوەیە.

ب. لوتی بەئاسمانەوەیە ،کە دەڕوات.

نموونەی ژمارە(٣٦) نزمترین ئاستی، یان پلەی ئیدیەمە لە ڕووی پلەی چەسپاوی فۆڕمییەوە ، کە لەناو ئیدیەمە گۆڕاوەکانیشدا کۆتا پلەی وەردەگرێت، وەکو ئاخاوتنێکی ئاسایی، یان ڕستەیەکی سادەی ئاخاوتن دەردەکەوێت.


کەواتە جۆری یەکەمی ئیدیەمەکان - ئیدیەمی چەسپاو- لە ڕووی فۆڕمەوە جیاوازە لە جۆری دووەمی ئیدیەمەکان- ئیدیەمی گۆڕاو - و ئەم جیاوازییەش بۆ قاڵبگیری و چەسپاوی و ڕێگانەدان بە گۆڕانکاری ئیدیەمەچەسپاوەکان دەگەڕێتەوە ، واتە ئیدیەمی چەسپاو ڕێگری لە گۆڕانکاری فۆڕمی دەکات و هەرجۆرە گۆڕانکارییەك ، یان زیادکرنێك ، یان پاش وپێشکردنێك، ڕەنگە لە ئیدیەمبوونی بخات، بۆیە ئیدیەمی چەسپاو پارێزگاری لە فۆڕمی خۆی دەکات ، تا بە ئیدیەمی تەواو بمێنێتەوە و بەپێچەوانەشەوە بۆ ئیدیەمی گۆڕاو دروستە.

## ٤/١) پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتای ئیدیەم :

ئیدیەم بەوە ناسراوە خاوەنی فۆڕمێکی چەسپاوو واتایەکی لێڵە ، لەسەر بنەمای فۆڕم و واتا ، دەربڕاوە ئیدیەمییەکان دروستبوون ، دوانەیەکی پێکەوەبەستراون ، دەربڕاوێکی ئیدیەمی ،تا لە ڕووی واتاوە لێڵی زیاتر بێت لە ڕووی فۆڕمەوە زیاتر جێگیر دەبێت ، تا دەگاتە ئەوەی بەسینکرۆنی واتای فەرهەنگی ڕوو بەڕووی ونبوون و شاراوەیی دەبێتەوە و دەربڕاوەکە بە واتا ئیدیەمییەکەی بەکاردەهێنرێت ، بەم پێیە (( فۆڕمی ئیدیۆم پەیوەستە بە واتاکەیەوە ، تا ماناکەی تەواو لێڵ بێت ئەوا فۆڕمەکەی چەسپاوو جێگیرە و بە پێچەوانەشەوە واتاکەی ڕوون بێت ئەوا فۆڕمەکەیان ڕێگە بەگۆڕانکاری و دەستکاری کردن دەدەن بێ ئەوەی واتای ئیدیۆمییان تێکبچێت ... بەم پێیە پەیوەندییەکی بتەو لەنێوان فۆڕم و واتای ئیدیۆمدا هەیە و هەردووکیان وابەستەی یەکترن ، لە ئیدیۆمی تەواودا ، بەگۆڕینی فۆڕم واتاکەش دەگۆڕێت و دەربڕینەکە لە ئیدیۆمییەوە دەبێتە دەربڕینی ئاسایی ))( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٤٩ ) ، وەك :

| | |
|---|---|
| ٣٧- أ . کای کۆن بەبادەکات. | دەربڕاوی ئیدیەمی . |
| ب. پوشی کۆن بەبادەکات. | دەربڕاوی ئاسایی . |
| ٣٨- أ . دەزووی وشك دانییەتی . | دەربڕاوی ئیدیەمی . |
| ب . پەتی وشك وانییەتی . | دەربڕاوی ئاسایی . |
| ٣٩- أ . بەردی بن گۆمە . | دەربڕاوی ئیدیەمی . |
| ب . بەردی بن ئاوە . | دەربڕاوی ئاسایی . |

ئەم جۆرە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە بوونەتە قاڵب و بەگوێبیستبوون ، یان بەرچاو کەوتنی فۆرمەکەیان ڕاستەوخۆ واتا ئامادەکە دێتە خەیاڵ و بەرانبەر بە فۆڕمەکە بەکاردەهێنرێت ، ئەمانە بە ئیدیەمی تەواو ناسراون و دانراون ، بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٣ ) :




هێڵکاری ژمارە ( ٣ )

ئەم جۆرە بەسینکرۆنی واتای پیتی / فەرهەنگییان دیارو هەستپێکراو نییە ، بۆیە واتای هەندێك ئیدیەم تەنیا لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەستن بە فۆڕمەکانیانەوە، هیچ ڕایەڵێك لە نێوان فۆڕم و واتای دەربڕاوە ئیدیەمییەکە لە ئێستا دا نییە ( Abbas ( ٢٠١٢) : ١٠ ) ، وەك کەسێکە لەپڕ دەوڵەمەند بووبێت. ⟵ واتا

¦ ⟵ نەبوونی هیچ ڕایەڵەیەك لە نیوان فۆڕم و واتادا.

٤٠- یەکشەوە . ⟵ فۆڕم

بەو ژنە دەڵێن، یەك بەدوای یەك منداڵی دەبێت. ⟵ واتا

نەبوونی هیچ ڕایەڵەیەك لە نێوان فۆڕم و واتادا .

٤١- شفتەژێ. ¦ ⟵ فۆڕم

واتە لەم جۆرەدا ئەو واتایەی دەست دەکەوێت لە ڕێگەی لێکدانەوەو شیکردنەوەی پیتی فۆڕمەکەیانەوە بەدەستنایەت ، لێڵی لە واتای ئەم دەربڕاوە ئیدیەمییانەدا بەرانبەر بەفۆڕمەکانیان وایان کردووە ببنە ئیدیەمی تەواو و ڕێگاش بەگۆڕانکاری لە فۆڕمییاندا نادەن ، لە بەرانبەر ئەم جۆرەدا ، هەندێکی دیکە لە ئیدیەمەکان لە فۆڕمیاندا ڕێگا بە گۆڕانێکی کەمەکی دەدەن ، ئەم جۆرە بۆ دەستخستنی واتایان پێویستییان بە لێکدانەوەو بەستنەوەیان بەدەوروبەرەوە هەیە ، واتە واتاو فۆڕمیان جێگیرنییە و فۆڕمیان ڕێگا بە ( تێئاخنین و جێگۆڕکێ و ... هتد ) دەدات و دەستخستنی واتاکەشیان پێویستی بە پەیوەستکردن بەدەوروبەرەوە هەیە ، هەردوو زانا (( فێرناندۆ و فلاڤێل "١٩٨١" لەو باوەڕەدان ، کە ئیدیۆم ناتوانرێ ، بەهۆی ڕێسا بەرهەمهێنەرەکانی ڕێزمانەوە ڕوونبکرێتەوە ، چونکە پێکهاتەی سنتیاکسی بەتەنیا ناتوانێت ئەو واتایە بدات ، کە دەربڕینێکی ئیدیۆمی دەیبەخشێت ))( حسەین ، ٢٠٠٧ : ٤٨ ) ، واتە فۆڕمی دەربڕاوێکی ئیدیەمی لە ڕێگای شیکردنەوەی پێکهینەرەکانیەوە واتای ئیدیەمی بەرهەمناهێنێ و بەو جۆرە واتای ئیدیەمی بەدەستناخرێت ، چونکە واتای ئیدیەم یەکسان بە فۆڕمی ئیدیەم نییە ، بەڵام لە ئیدیەمدا واتا و فۆڕم هاوشانن و دوانەیەکی تەواوکاری یەکترن ، ئیدیەمەکان خاوەن هەمان دروستەو یاسای سینتاکسین لە زماندا ، بەڵام لە دروستەیەکی واتا گۆڕاودا بەرجەستەدەکرێن، واتە ئەو واتایەی دروستە سینتاکسییەکە/ فۆڕمی دەربڕاوەکە لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەیەتی ، هەمان واتای ئیدیەمی دەربڕاوەکە نییە و (( ئیدیەمەکان هەرچەندە لە ڕێزی دەربڕاوە نادارشتەییەکانن ، بەڵام لە ڕووی سنتیاکسییەوە هەمان فۆڕم و دروستەی دەربڕاوە ئاساییەکانی هەیە )) (حسەین ، ٢٠١١ : ٢٣١ ) ، جا دەربڕاوە ئیدیەمییەکە لەهەر فۆڕمیکی ( وشەیی / فرێزی / ڕستەیی)دا بێت ، وەك :

٤٢- أ . دەستکورت. ⟵ دەربڕاوی ئیدیەمی .

↑

ناو + ئاوەڵناو ⟵ هەمان یاسای پێکهاتن

↓

*ب . قژکورت. ⟵ دەربڕاوی ئاسایی .

بۆیە واتا لە ئیدیەمدا واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی فۆڕمەکە نییە (( واتای تەواوی ئیدیەم لە واتای پێکهێنەرەکانیەوە وەرناگیردرێت و بەدەستناخرێت )) ( مەحوی ، ٢٠٠٩ : ١٦٨ ) ، بەڵکو واتایەکی بۆ دانراوەو پێویست بە شارەزایی و ئەزموونی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵەی

واتاکەیان بۆ فۆڕمی دەربڕاوەکە داناوە ، هەیە ، تا بتوانرێت لەواتای ئیدیەمەکە بگەیت و پەیوەندی نێوان ئەو فۆڕم و واتایە دەبێتە پەیوەندییەکی پتەو و بەیەکتری دەناسرێنەوە ، بەجۆرێك بەبینینی فۆڕمەکە واتاکە دێتە بیرو بۆ واتاکەش ڕاستەوخۆ فۆڕمەکە ئامادەدەبێت و بەشێکی دیکە لە ئیدیەمەکان ئەوانەن ، کە بەهۆی لە دەستنەدانی واتای فەرهەنگی بەشێك لە پێکهێنەرەکانی فۆڕمی ئیدیەمەکەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو بەشەوە پەیوەندییەك لە نێوان فۆڕم و واتای ئیدیەمەکەدا دروستبکرێت و هۆکارێك بێت بۆ ڕوونکردنەوە و دەستخستنی واتا دەربڕاوە ئیدیەمییەکە ، وەك :

یاریدەدەری نیەو هەرخۆیەتی. ⟵ واتا

٤٣- تەنیا باڵە / یەکدەستە / یەکتەنە. ⟵ فۆڕم

لێرەدا لێکسێمی ( تەنیا ، یەك ) ، واتای فەرهەنگییان لەدەست نەداوەو لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت پەی بە واتای ئیدیەمەکە ببرێت و واتا گشتییەکە

ی بەدەستبخرێت ، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ئیدیەم فۆڕم چەسپاوە(Prefab)ە، واتە وەکو لێکسێمێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، پەیوەست بە واتاوە چۆن لێکسیمەکان/وشەفەرهەنگییەکان، دەبنە خاوەن پەیوەندی واتایی (فرەواتا، هاوواتا، دژواتا،...هتد)، لەئیدیەمەکانیش بەهەمان شێوە دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە واتاییانە دەستنیشانبکرێن، ئەم پەیوەندییە واتاییانەش لە سێ وەچەپاردا دەخرێنە ڕوو ، بڕوانە ( ١-٤/١-(١، ٢، ٣).

## ١-٤/١ ) چەند فۆڕم بەرانبەر بە یەك واتا (هاوواتا):

ئیدیەمەکان لەڕووی فۆڕم و واتاوە جیاوازن ، ئەمەش ڕێگا بە دابەشکردنی ئیدیەمەکان دەدات لەڕووی پەیوەندی فۆڕم و واتایانەوە ، بەشێکیان بەچەند فۆڕمێکی جیاواز تەنها واتایەك دەگەیەنن _ لەڕووی واتای ئیدیەمییەوە - و چەند فۆڕمێك ، لەگەڵ یەك واتادا بەرانبەر دەوەستنەوە ، بەم پەیوەندییە واتاییەش دەگوترێت(هاوواتا)، وەك :

٤٥- فۆڕم
أ . چەپۆکان ئەیات .
ب . داخبووە .
پ . هاتۆتە کوڵ .
ت . ڕۆحی بەبەرەوەنەما .
ج . سیتکە ئەکا .
⟵ هاوواتان ⟵ واتا ی( گەرمبوون )

٤٦- فۆڕم
أ . داپڵۆسا .
ب . بوو بە جگەری سەر ساج.
پ . کڵوکۆی دامرکایەوە .
ت . بووبە قەقنەس .
ج . بووبە خۆڵەمێش .
⟵ هاوواتان ⟵ واتا ی( سووتا )

٤٧- فۆرم
أ. دەستکورتە .
ب. زادیان ئاوە .
پ. لەسەگ سواڵ ئەکات . ← هاوواتان واتا ی( هەژارە )
ت. ئاگر لەماڵیان ناکرێتەوە .
ج. کەر لەماڵیان بکەوێت دانی دەشکێت .

لەنموونەکانی(٤٥، ٤٦، ٤٧)دا، چەند فۆرمێکی جیاوازی دەربڕاوی ئیدیەمی بەرانبەر بە واتایەك بوونەوە و دەکرێت لەکۆمەڵێکدا هەریەك لەم فۆڕمانە بەپێی جیاوازی ناوچەیی بەرانبەر بەواتاکەیان بەکاربهێنرێن ، ئەمەش دەستخستنی جۆرێکە لە پەیوەندیواتایی نێوائیدیەمەکان ،کە هاوواتایە، لەگەڵ بوونی ئەم فۆرمە جیاوازانەدا مەرج نییە، سەرجەمیان لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا بەرانبەر بە واتاکانیان بەکاربهێنرێن ، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت، بەپێی کەلتوور و باری رۆشنبیری لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە، بەکارهێنانی فۆرمەجیاوازەکان بگۆڕدرێت.

### ٢-٤/١) چەند واتا بەرانبەر بە یەك فۆرم( فرەواتا):

جۆرێکی دیکەی پەیوەندی واتایی (فرەواتایە)، هەروەها بەشێك لە ئیدیەمەکان ، ئەوانەن بە فۆرمێك دوو واتای ئیدیەمی ، یان زیاتر دەبەخشن و بەپێی بەکارهێنان و دەوروبەر و لێکدانەوەی گوێگر بۆ ئیدیەمەکە دەردەکەوێت بەکام واتاو مەبەست بەکارهاتووە ،ئەمەش پەیوەندی فرەواتایی ئیدیەمەکانە، وەك :

فۆرم
↓
٤٨- نوزەی لێ بڕی . ← دەربڕاوی ئیدیەمیی فرەواتا

پەکی خست و کاری زۆری پیکرد. ← واتا → بەقسەیەك بێدەنگی کرد .

فۆرم
↓
٤٩- ساردیان کردەوە. ← دەربڕاوی ئیدیەمیی فرەواتا
↓
کوشتیان. ← واتا → هێمنیانکردەوە و تورەییەکەیان نەهێشت.

فۆرم
↓
٥٠- چاوشکێنی کرد. ← دەربڕاوی ئیدیەمیی فرەواتا
↓
تەمێی کرد . ← واتا → ترساندی.
↓
ملی پێ شۆڕکردو هەیبەتی شکاند.

واته دەکرێت، هەرچۆن بەچەند فۆرم یەك واتا گەیەنراو بەرانبەر یەك واتابوونەوە ، بەهەمان شێوە بەفۆرمێکیش لەواتایەکی ئیدیەمی زیاتر بگەیەنرێت ،ئەمەش پەیوەندی واتایی فرەواتای ئیدیەمەکان دەردەخات، جیاکردنەوەی مەبەستی واتاکە و خودی واتاکەش پەیوەندی بە بەکارهێنانەوە هەیە لەکاتی بەکارهێناندا ڕووندەبێتەوە، کە ئەو ئیدیەمە بەرانبەر بەکام واتا بەکارهاتووە ، واتە دەستنیشانکردنی واتای ئەم جۆرە ئیدیەمانە ، کە بەفۆرمێك زیاتر لەواتایەکی ئیدیەمی دەگەیەنن ، پێویست بە بەکارهێنان و دەوروبەر دەکات .

٣-٤/١) واتایەك بەرانبەر بە فۆرمێك :

ڕێژیەکی بەرچاوی ئیدیەمەکان سەر بەم چەشنەن و لێرەدا فۆرمێکی ئیدیەمی بەرانبەر بە تەنها یەك واتای ئیدیەمییە ، واتە فۆرمێك بەرانبەر بەیەك واتا دەوەستێتەوە و بەکاردێت، وەك :

فۆرم ←

٥١- کردییە پاقلەکەوە. ← بەهەڵەیدابرد .

٥٢-کەوڵەکۆنە . ← پیروپەککەوتەیە .

٥٣- قۆڵبڕە . ← کەسێکی فێڵبازە .

٥٤- ئاویان لە گیرفانی دەرهێنا. ← هەموو پارەو پولەکەیان لێ سەند.

٥٥- ناردی بۆ کەوەر . ← پێی ڕابوارد .

٥٦- وامزانی ڕادیۆیە. ← پەشیمانبوونەوە.

→ واتا

هەر لەم جۆرەی ئیدیەمەکان(فۆرمێك بەرانبەر واتایەکی ئیدیەمی، پەیوەندییەکەی دیکەی واتایی(دژواتا)، لە ئیدیەمەکاندا دەردەکەوێتو وەك:

٥٧- دەستپاکە × دەستپیە

٥٨- کێچ کەوتووەتە کەڵی × ئاوی داکراوە.

٥٩- دەستوپێ ڕەشە × دەستوپێ سپییە.

دەربڕاوی ئیدیەیی دژواتا

ئیدیەم سەر بە هەربەشێك لەو بەشانەی لە (٤/١- ( ١ ، ٢، ٣) )دا خرایە ڕوو ، ببێت ، لەلایەن ئاخێوەرێکەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت لە کۆمەڵێکی دیاری کراودا وپەیوەست دەبێت بە فەرهەنگی نەتەوە و دەبێتە دانەیەکی مارکەلێدراو و ژیانی کۆمەڵایەتی وا لە تاکەکانی کۆمەڵ دەکات ، کە لە لێکدانەوەی واتادا بەشداربن ، بەتایبەتی بۆ فۆرم و واتای ئیدیەم ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵ خاڵی سەرەکی و جێگەی بایەخپێدانە، ئەوەی خرایەڕوو پەیوەندی واتایی نێوان فۆرم و واتا(هاوواتا، فرەواتا، دژواتا،...هتد) ی ئیدیەمەکان بوو .

## ئەنجامەکان:

١- ئیدیەم ، وەك دانەیەکی دەربڕاوە چەسپاوەکان(Prefab) ، پەیوەست دەبێت بە فەرهەنگی نەتەوە و دەبێتە دانەیەکی مارکەلێدراو.

٢- پەیوەست بە واتای ئیدیەم و لەڕوانگەی هەڵهێنجانی واتایی ئیدیەم، وەك یەکەیەکی ئامادەکراو، واتای فەرهەنگی و نافەرهەنگی هەیە.

٣- دەوروبەری نازمانی، کەلتوور، باری کۆمەڵایەتی...هتد، ڕۆڵی سەرەکی لە پێدانی واتای نافەرهەنگی دەبینێت ، کە کەلتوورو دنیابینی نەتەوە لە واتای ئیدیەمدا ڕەنگدەداتەوە.

٤- ئیدیەم، وەك هەردانەیەکی فەرهەنگی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا، لەپەیوەندییە واتاییەکاندا( هاوواتا، فرەواتا، دژواتا،... هتد)، بۆ دروستدەبێت.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم:- بەزمانی کوردی:**

**أ. کتێب:**


١- ئەحمەد، بێستون(٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە و پێکەوە هاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢- حسەین، شیلان(٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣- حسەین، شیلان(٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٤- دزەیی، عەبدولواحید(٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٥- سبحانی، جەلال(٢٠١٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی"١، ٢، ٣" ، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٦- شێخانی، عەبدولوەهاب(٢٠٠٩)، فەرهەنگی ئیدیۆمی زمانی کوردی ، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٧- عەزیز، حوسێن(٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردیی ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٨- گەردی، عەزیز(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەغدا.

٩- محەمەد، بژوێن(٢٠٢١)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٠- مەحویی، محەمەد (٢٠٠٩)، زانستی هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم و دووهەم ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١١- موسی، عبدالوهاب(٢٠٠٩)، چەند بابەتێن لێکۆلینێن زمانی، ژ وەشانێن ئێکەتیا نقیسەرێن کورد،چاپخانا هاوار، دهۆك.


**ب.نامەئەکادیمییەکان:**


١٢- ئیبراهیم، بەشدار(٢٠١٤)، واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٣- بابان، عبداللە(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٤- حەسەن، تابان(٢٠١٤)، کێڵگە واتاییەکان لەڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٥- حسەین، شیلان(٢٠٠٧)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٦- حسەین، شیلان(٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٧- عەلی، فەتاح(١٩٩٨)، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٨- محەمەد، شادان(٢٠١٦)، پەیوەندیە واتاییەکانی ناو مۆرفیمەبەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


**پ.گۆڤار:**


١٩- جەواد، هۆشەنگ(٢٠٢١)، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەنێ ئیدیۆمی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٤٩)، لاپەڕە(٣٥- ٦٨).

٢٠- حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٨٠)، کارێکی گەورە لەباسی ئیدۆم لە زمانی کوردی و فەرهەنگ نووسی کوردیدا، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٦٢)، لاپەڕە(٣- ٧).

٢١- فتاح، محمد (١٩٨٦)، دیسان ئیدیەم، پێداچونەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی پازدەهەم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، لاپەڕە(٦٨- ١٣٨).

٢٢- فەخری، نەسرین (١٩٧٦) ، هەندێك زاراوە و ئیدیۆمەی کوردی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لەڕووی زمانەوە، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە(١٩)، بەغدا، لاپەڕە(٧١- ١٠٩).

٢٣- وەیس، غازی (١٩٨٣) ، فۆرم و ناوەڕۆکی ئیدیۆم، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە(٤)، ساڵی حەوتەم، هەولێر، لاپەڕە(٥٩- ٦٤).

**دووەم:- بەزمانی عەرەبی:**

٢٤- الشهري، عبدالهادي(٢٠٠٤)، استراجيتيات الخطاب مقارنة لغوية تداولية، الطبعة الاول، بيروت، دارالكتاب الجديد المتحدة.

٢٥- حنا، سامي و اخرون(١٩٩٧)،معجم اللسانيات الحديثة، الطبعة الاول، مكتبة لبنان ناشرون.

٢٦- داود،محمد(٢٠١٤)، المعجم الموسوعي للتعبير الاصطلاحي في اللغة العربية، الطبعة الاول، دار الغريب للطباعة والنشر،القاهرة.

سێیەم:- بەزمانی فارسی:

٢٧- خوشحالی،بهزاد(١٣٩٣)، فرهنگ واژگان،اصطلاحات و کنایات ژوان،چاپ دوم، نشر پانید،تهران.

**چوارەم:- بەزمانی ئینگلیزی:**

28- Abbas, A. M. (2012). A Semantic Study of Idioms in English and Kurdish. Journal of Kirkuk University Humanity Studies, 7(3).

29- Baker, M. (1992). In other words: A coursebook on translation. Journal of Women s Health.

30- Casas, R. M., & Campoy, J. H. (1995). A sociolinguistic approach to the study of idioms: Some anthropolinguistic sketches. Cuadernos de Filología inglesa, 4.

31- Glucksberg, S., & McGlone, M. S. (2001). Understanding figurative language: From metaphor to idioms (No. 36). Oxford University Press on Demand.

32- Mustafa, M. R., & Aziz, A. S. (2021). Passive voice in Kurdish language, The Structure and phenomena (Comparative Research). Halabja University Journal, 6(3), 18-30.

33- Qadir, S. H. (2021). The Proverbs, A syntax-pragmatics perspective. Journal of University of Raparin, 8(3), 1-19.

34. Saeed, A. M., Ismael, A. N., Rasul, D. L., Majeed, R. S., & Rashid, T. A. (2022). Hate Speech Detection in Social Media for the Kurdish Language. In The International Conference on Innovations in Computing Research (pp. 253-260). Springer, Cham